سەرووتر لە زمان

هێندێک جار لێم دەپرسن کاری وەرگێڕان چۆنە و من چۆن کاری وەرگێڕان دەکەم؟

لە کاری وەرگێڕاندا جگە لە زانینی دوو زمانەکە، مرۆڤ دەبێ بتوانێ خۆی لەجیاتی کەسێکی دیکە دابنێ. وەرگێڕ دەبێ توانایەکی چەندین جار زیاتر لە زانینی زمانی نووسەرەکە و زمانی خۆی هەبێ، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەتوانین ناوێک لەسەر ئەم شتە دابنێین. وەرگێڕ کاتێک بیهەوێ بۆ ئەم پرسیارە بەدوای وەڵامێکدا بگەڕێ، گومانی تێدا نییە وشەی هەست (احساس) دەدۆزێتەوە. وەرگێڕ پێویستی بە هەستی دەق و بەشێوەیەکی گشتی پێویستی بە هەستی ئەدەبیات هەیە. کەوابوو وەرگێڕ پێویستی بە جۆرێک بینین هەیە، بینینی شتێک کە لە سەرووی زمانەوەیە. بۆ کاری وەرگێڕان واتە بۆ گۆڕینی دەقێک لە زمانێکەوە (زمانی سەرەکی) بۆ زمانێکی دیکە (زمانی مەبەست) شتێک پێویستە کە لە سەرووی وەرگێڕانەوەیە: تێگەیشتن- واتە وەرگێڕانی زمانی سەرەکی بۆ زمانێک کە لە زمان بەولاوەتر، زمانێک کە ناکرێ بە وشە دەریببڕین. زمانێک کە دانەری مەجارستانی Loszl fldeny ناوی ناوە «ڕۆحی ئەو شتەی کە ناکرێ هیچ ناوێکی لەسەر دابنێی» و، لە سەرووی هەموو زمانێکەوەیە. ئەم کارە، کارێکی بێ ناوبژیوانە کە پێویستییەکی بە زمان نییە. وەرگێڕ دەبێ بە بینینی ئەودیوی زمانەکە، ئەو شتەی لە سەرووی زمانەکەوەیە، بدۆزێتەوە. هەرکات زمانی سەرەکی، ئەم شتەی پێ نەبەخشێ، هەرکات تێگەیشتنی لە دەق بەبێ ناوبژیوان مسۆگەر نەبێ، وەرگێڕانی سەرکەوتووش نایەتەدی. ئەوە بیرکردنەوەیەکی بێ مانایە کە وەرگێڕان دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە دەق. شتەکە ڕاست بە پێچەوانەیە.

کەوابوو تێگەیشتنی ڕۆحی دەق، وەرگێڕانەکەی مسۆگەر دەکا. کێشە لەسەر ئەوە نییە کە وشە بە وشە، ڕستە بە ڕستە وەرگێڕدرێ. هونەری وەرگێڕان زیاتر لە هەر شتێکی دیکە لەوەدایە کە لە ڕۆحی دەقەکە تێبگەین، ڕیتمی دەق بدۆزینەوە و میلۆدیی دەق هەست پێ بکەین و پاشان بە زمانی خۆمان بیگێڕینەوە و دەریببڕین. شتێکی سەیر نییە کە وەرگێڕی دەقە

ڕێناتە شمیدگال
و/ لە فارسییەوە: قادر وریا
(کوردستانی ئێران)

ئەدەبییەکان کارەکەی خۆی زیاتر وەک کارێکی بینین سەیر دەکا نەک وەک کارێکی فەننی- تەکنیکی. تەکنیک و فەن، لە پێویستییەکانی کارەکەن و، کاتێک بینین و ئیلهامیشی پێوە زیاد بوو، هونەر دەخوڵقێ، کاری وەرگێڕ، ناڕاستبوونی ئەم بۆچوونە باوەی کە دەڵێ هونەر نابێ پێوەندییەکی بە توانایییەوە هەبێ، دەردەخا: کاری وەرگێڕ، ئەگەر وەرگێڕ توانای وەرگێڕانی نەبێ و لە کارەکەیدا شارەزا نەبێ، دەستبەجێ هەست پێدەکرێ، بەڵام لە بارەی کاری نووسەران و هونەرمەندانەوە، ڕەخنەگر زۆربەی جاران چاوێکی خۆی لە کارەکەی ئەوان دەنووقێنی، دیارە بەو مەرجەی چاوەکەی دیکەشی کوێر نەبێ! وەرگێڕ پێش هەموو شتێک خوێنەرێکی وردبین و هەستیارە. Stefan chwin لە وتوویژێکدا گوتوویە بۆ خوێندنەوەی بە ڕاستیی بەرهەمێک- کە بۆ ڕەخنەگرێکی باشی ئەدەبی مەرجێکی پێویستە- کەسایەتیی خوێنەر گرنگە. تەنیا ئەو کەسە دەتوانێ بخوێنێتەوە کە کەسایەتی هەیە و هەڵکەوتێکی ئەوتۆی هەیە کە دەتوانێ «وەڵامی خۆی» بداتەوە بە بەرهەمەکە. دانەوەی وەڵامێکی ئەوتۆ بە بەرهەمی ئەدەبی، کاری ڕەخنەی ئەدەبی و وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبییە. بۆ کەسێک کە دەقێکی خوێندۆتەوە و دەیەوێ وەریبگێڕێ (چونکە بە جۆرێک کەوتۆتە ژێر کاریگەریی دەقەکە و دڵی گرتوویەتی) هەر تەنیا خوێندنەوەیەکی پاسیڤانە بەس نییە. ئەو لەوە زیاتری دەوێ: دەیەوێ لەم بەرهەمە شتێک ساز بکا، وەک ڕەخنەگر کە بەرهەمێک شیکاری و ڕاڤە دەکا. ئەو دەیەوێ بە شێوەی خۆی هەڵوێستێک بگرێ. بەرهەمەکە بە زمانێکی دیکە بخوڵقێنێتەوە و بە شێوەیەک دروستی بکاتەوە. من پاش ئەوەی لە وەرگێڕانی ڕۆمانی Andrzej stasiuk بە Neuen بوومەوە، زۆر بە داخ بووم کە دەقەکە کۆتایی پێهات و، بۆ چەند ساتێک ئەم خۆزگە بوێرانەیەم خواست کە درێژە بە نووسین بدەم. ئەمە پاڵنەرێکی بنەڕەتییە، چونکە نووسین و وەرگێڕان هەر تەنیا لەسەر بناغەی توانایی تەکنیکی نابن بەخاوەنی خاڵی هاوبەش، بەڵکو هەر ئەو خولەکە داهێنەرانەی جەنگەی «خولیایی» بوونن کە زیاتر لە هەر شتێکی دیکە، نووسین و وەرگێڕان لێک نزیک دەکەنەوە. Andre Weckmann لە شیعرێکدا کە بە زاراوەی ئالزاسی- ئەڵمانی هۆنیویەتەوە، دەڵێ: «ئێمە و کەسانێکی وەک ئێمە سێ زمانمان هەن: ئێمە و کەسانێکی وەک ئێمە سێ ڕۆحمان هەن». بەو هۆیەوە کە من سەردەمی منداڵیم بە زاراوەی دانیشتووانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەڵمان دەدوام و ئەمڕۆش، هەم ئەڵمانی، هەم پۆلۆنی زمانی منن، لە واتای شیعری ئەو تێدەگەم. هێندێک جار لەم زاراوە یا زمانە ناوچەییە، سەرەڕای ئەوەی لەمێژساڵە لەو شوێنە دوورم، وشەی گونجاو بۆ وەرگێڕان لە زمانی پۆلۆنییەوە بۆ زمانی ئەڵمانی دەدۆزمەوە، وشەی ئەوتۆ کە لە زمانی ئەڵمانیدا نین. بوونی سێ زمان یانی هەبوونی سێ ڕۆح، کە شتێکی کەم وێنەیە.

بەڵام وەرگێڕ، گومانی تێدا نییە دوو ڕۆحی هەیە. مرۆڤ دەبێ زمانی بێگانەی لانی کەم وەک زمانی خۆی خۆش بوێ تا بتوانێ شان بداتە بەر کاری تاقەت پرووکێنی وەرگێڕان و هەست بەم تاقەت پرووکاندنەش نەکا. وەرگێڕ دەبێ دەقەکان و ئەو جیهانانەی کە دەقەکان پێشانی ئەوی دەدەن، خۆش بوێن، هەم هەڵکەوتی سروشتی و هەم بارودۆخی بان سروشتی ئەم جیهانە. هەر بۆیە چاوپێکەوتنی دانەر و دیتنی ئەو ناوچانەی کە لە دەقەکاندا وەسفیان کراوە، لە ڕوانگەی منەوە گرنگن، بەڵام ئەم جۆرە نموونانە دەگمەنن. زۆربەی جارەکان وەرگێڕ، هەر بەخەیاڵ ئەو جۆرە سەفەرانە دەکا، یا لە نەخشە جوغرافییەکانی تایبەت بەو ناوچە و شارانەدا کە وەک قاموس، ئامرازی کاری وەرگێڕن، بۆیان دەڕوانێ. کاری وەرگێڕ لە تەنیایی و بێدەنگیدا ئەنجام دەدرێ. وەرگێڕ بێجگە لە هێندێک نموونەی دەگمەن- کە کارەکەی تیشکی ڕەخنەی دەخرێتە سەر، یا بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەی کتێب خوێندنەوە بانگهێشت دەکرێ و ڕێزی لێ دەنرێ - لەگەڵ بەرهەمەکەیدا، بە تەنیا دەژین. دیارە وەرگێڕ لەگەڵ دانەری بەرهەمدا پێوەندیی هەیە و هێندێک شتی لێ دەپرسێ، هەروەها لەگەڵ «ویراستار»یش پێوەندیی هەیە، چونکە ویراستار لە دەقەکە دوور دەکەوێتەوە و بەشێوەیەکی بابەتی، هەر شتێکی کە لەوانەیە وەرگێڕ لە دەقەکەی «خۆی»دا نەیدیتبێ، دەبینێ، بەڵام ئەو چاوپێکەوتنانە جار جارە ناڕێکوپێکن و بەدوای کۆتایی هاتنی کاری وەرگێڕاندا ئەنجام دەدرێن. ژیانی وەرگێڕ لە ژانی مرۆڤێک دەچێ کە بەرامبەر بە PC دانیشتووە و لاپەڕ لاپەڕ دەقێک دەخوڵقێنێ کە ئەگەرچی دەقەکە بە تەواوی هی خۆی نییە، بەڵام دەقێکی بێگانەش نییە. بەو هۆیەوە کە وەرگێڕانی کامڵ و بێ کەموکوڕی، هەر نییە (هەمیشە شتێک تێدا دەچێ و لە باشترین حاڵەتدا شتێک جێگای دیکە دەگرێتەوە»، کاری وەرگێڕان شانبەشانی چێژ و خۆشی، دوودڵی و گومان و ئازار و کوێرەوەریشی تێدایە. هێندێک جار ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە یا بڵاوکەرەوەکان ئەم خولیاو تامەزرۆییە بە گوێی وەرگێڕ هەڵدێنن: ئێوە عاشقی کاری خۆتانن، چۆن دەتانەوێ بۆ کارەکەتان هەقدەستیش وەربگرن؟ بەو هۆیەوە کە وەرگێڕ هەر بە سروشت مرۆڤێکی ئەوتۆیە کە بە هەڵە و ناتەواوییەکانی کاری خۆی دەزانێ، ویژدانی بەم پرسیارە نارەحەت دەبێ. چەند ساڵ لەمەوبەر، کەوتمە سەر دووڕێیانێک کە دەبوایە یەکێکیان هەڵبژێرم: یا وەک وەرگێڕ کار بکەم، یا لە کاری دڵنیای خۆم کە کارمەندی زانستیی ئەنستیتۆی ئەڵمان- پۆلۆنیا بووم، واز بێنم. هەڵبژاردنی یەکێک لەم دووانە بۆ من ئەوەندە سووک و هاسان نەبوو. وەک ئەوە وابوو لە ئارەقخۆرێکیان بوێ لەنێوان شیرخواردن و خواردنەوەی ئارەق یەکیان هەڵبژێرێ. بەڕاستی کارێکی هاسان نەبوو، بەڵام لە چەند بارێکەوە هەڵبژاردنی یەکێک لەو دووانەم بۆ ڕوون بوو، من نەمدەتوانی ڕێگاچارەی «عاقڵانە» لەجیاتی کاری وەرگێڕان هەڵبژێرم. من بە دژی کارێکی دڵنیاو، لە پێناوی خولیاو تامەزرۆیی خۆمدا، بڕیارم دا و، لەو بڕیارەشم پەژیوان نیم.

ئەم وتارە بە زمانی ئەڵمانی لە گۆڤاری (Kafka)دا بڵاوبۆتەوە و «محەمەد ربووبی» لە مانگی (١٢ی ٢٠٠٣)دا کردوویە بە فارسی.

سەرچاوە: ماڵپەری iranemrooz.